# ئادابی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاوسەر و خێزاندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ آداب التعامل مع الزوجة ﴾

« باللغة الكردية »

ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئادابی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاوسەر و خێزاندا

هاوسەرگیری لە ئیسلامدا مایەی سوکنایی دەرون و حەسانەوەی دڵ و ئارامی ویژدانە، پێکەوەژیانی ژن و پیاوە، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و سۆز و میهر و گونجان و هاوکاری و ئامۆژگاری و لێبوردەیی، تا بتوانن پێکەوە لەو کەشو هەوا ئارامەدا، خانەی بەختەوەری دامەزرێنن و نەوەی نوێ بهێننە ئاراوەو خێزانێکی موسڵمانانە دامەزرێنن، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەجوانترین شێوە ئەم پەیوەندییە فیترییە بەردەوامەی نێوان پیاو و ژنی وێناکردوەو فەرمویەتی: {وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} الروم/٢١. واتە: لەنیشانەکانی خوای گەورە ئەوەیە، کە بۆی دروستکردون لەرەگەزی خۆتان، هاوسەرانێك، بۆ ئەوەی لەلایان ئارام بگرن و خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان، بەراستی لەوەدا نیشانانێك هەیە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوە.

هاوسەر لە ئیسلامدا چاکترین مەتاع و پێویستی ژیانی دونیایە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: (الدنيا متاع، وخير متاعها المرأة الصالحة) رواه مسلم. بە واتای: ژیانی دونیا مەتاعە و چاکترینیان ئافرەتێکی بۆخوا سوڵحاوە.

هەروەها فەرمویەتی: (تنكح المرأة لأربع: لمالها، ولحسبها، ولجمالها، ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك)متفق عليه.

واتە: بۆ چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: ماڵ و سامانی، پلەوپایەو بنەماڵەی، جوانی، ئاییندارى.. دیندارەکە هەڵبژێرە، ئاسودە دەبیت .هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بوارەکانی تر فەرامۆش بکرێت، پیاو دەبێت ئەو کەسەی هەڵی دەبژێرێت بۆ

هاوسەری ژیانی، شێوەو روخساری ئافرەتەکەی بەدڵ بێت و تەماشای کردبێت، تا تێ نەکەوێت و پەشیمان نەبێتەوە.

لێرەدا باسەکەمان لە چەند برگەیەکدا بەکورتی دەخەینە روو:

**یەکەم/** لەپێناوی چاکترین و گونجاوترین شێوەی هەڵسوکەوت و پەیوەندی لەگەڵ هاوسەردا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوا دەکات بەشێوەیەکی چاك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت تا ئەو ئەندازەی باشترین کەس ئەو کەسانەن کە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا بەچاکی هەڵسوکەوت دەکەن، هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی: {وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا} النساء/١٩. واتە :رەفتاریان بەچاکی لەگەڵدا بکەن (ژیانیان لەگەڵدا بەسەر بەرن)، جا ئەگەر حەزتان لێیان نەبوو (تەڵاقیان مەدەن) چونکە لەوانەیە ئێوە حەز نەکەن لە شتێك و خوای گەورە چاکەیەکی زۆری لەو شتەدا دانابێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )فەرمویەتی: (أكمل المؤمنين إيمانا أحسنهم خلقاً وخياركم خياركم لنسائهم ) رواه الترمذی . واتە: تەواوترین و کامڵکترینی بڕواداران، ئەوانەن کە چاکترین رەوشتیان هەیە، چاکترینتان ئەوانەن کە چاکترینتانە بۆ هاوسەرەکانیان.

**دووەم/** لەنێو چاك مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەردا ئەوەیە، بە ویژدان و دادپەروەریانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و دان بە کار و ئاکارە جوان و چاکەکانیدا بنەیت، هەرچەندە هەندێك هەڵە و کەموکورتی هەبێت، هەروەکو پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی:(لا يفرك مؤمن مؤمنة، إن كره منها خلقا رضى منها آخر) رواه مسلم .

بەواتای : هیچ پیاوێکی بڕوادار رق و قینی لە ژنێکی بڕوادار نیە ، گەر لە رەوشت و هەڵسوکەوتێکی رازی نەبێت ئەوا لەوانی تری رازییە .

**سێیەم/** شادی و سۆز و خۆشەویستی بخەیتە نێو دڵ و دەرونیەوە، ئەگەر تەنها بە سڵاو ورێز و روێکی خۆش گەشاوەش بێت، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی: {فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً}النور/٦١. واتە: کاتێك چوونە (هەر ماڵێك) لە ماڵان، ئەوا سەلام لە یەکتر بکەن (لەوانەی کە وەك خۆتان وان)، بە سەلام کردنێك کە لەلایەن خواوە هاتووە، سەلامێکی جوان و چاك و پاك. هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمویەتی : (إذا دخلت على أهلك فسلم ، يكن سلامك بركة عليك ، وعلى أهل بيتك ) رواه الترمذی وحسنە الالبانی رحمە الله.

بەواتای : کاتێك چویتەوە ماڵەوە سلاَویان لێ بکە ، سلاَوکردنەکەت دەبێتە مایەیی خێرو بەرەکەت بۆ خۆت و خانەوادەکەت.

**چوارەم/** وازهێنان و دورکەوتنەوە لە سەرزەنشتکردنی بەهۆی کەموکورتییەك لە ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەو ئیشوکاردا، چونکە دەبێتە مایەی خەم و پەژارەو دڵ رەنجانی، ئەمەش رەوشتێکی بەرزی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بووە، (ما عاب النبي طعاماً قط، إن اشتهاه أكله، وإن كرهه تركه) متفق عليه. واتە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەنگی لە هیچ خواردنێك نەدەگرت، ئەگەر ئارەزوی بکردبایە دەیخوارد و ئەگەر ئارەزوی نەکردبایە وازی لێ دەهێنا.

**پێنجەم/** بەکارهێنانی (قوامە) بەشێوەیەکی چاك و دروست، کە لەمیانەیەوە پیاو سەرجەم خەرجیەکانی خانەوادەکەی دەگرێتە ئەستۆ و، لە خواردن و خواردنەوەو کەلوپەل و شوێنی نیشتەجێ بوون و ....هتد ، بە پێی ئاست و توانای ئابوری خۆی . ئافرەتانیش چاودێری و پەروەردەی منداڵەکان و کاروباری نێو ماڵ لە ئەستۆ دەگرن، هەروەك پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (ألا كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته ، فالإمام الذي على الناس راع وهو مسؤول عن رعيته ، والرجل راع على أهل بيته وهو مسؤول عن رعيته ، والمرأة راعية على أهل بيت زوجها وولده وهي مسؤولة عنهم ، وعبد الرجل راع على مال سيده وهو مسؤول عنه ، ألا فكلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته) رواه البخاري. واتە :هەمووتان چاودێر و سەرپەرشتیارن و هەمووتان بەرپرسن لەوانەی لەژێردەستاندایە، ئەمیر چاودێر و سەرپەرشتیارە، پیاو چاودێر و سەرپەرشتیارە لەنێو خانەوادەکەیدا، ئافرەت چاودێر و سەرپەرشتیارە لە ماڵ و منداڵی مێردەکەی، هەمووتان چاودێرن و سەرپەرشتیارن و هەمووتان بەرپرسیارن لەوانەی لەژێر دەستاندایە.

**شەشەم/** گەر پیاو لە یەك خێزان زیاتری هەبوو، پێویستە دادپەروەر بێت لە نێوانیاندا، هەروەك پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی: (إذا كان عند الرجل امرأتان فلم يعدل بينهما، جاء يوم القيامة وشقه ساقط). واتە: ئەگەر پیاوێك دوو هاوسەری هەبێت و لەنێوانیاندا دادپەروەر نەبێت، لەرۆژی دواییدا دێت و لایەکی پێوە نیەو کەوتووە.

**حەوتەم/** پاراستنی نهێنیەکان و دەرنەخستنی کەموکورتیەکانی بۆ هیچ کەسێك. پیاوی موسڵمان و بروادار نابێت وشەی بێزراو و خراپ و بریندارکەر بەکاربهێنێت لەگەڵ هاوسەریداو، رەچاوی هەست و سۆزی بکات، هیچ شتێك بەکار نەهێنێت کە دەبێتە مایەی ئازار و ئەزیەت دانی، بەپێچەوانەوە، گەر رەفتار و هەڵسوکەوتی دژ پەیرەو بکات، ئەوا روناکی سۆز و خۆشەویستی دەکوژێتەوەو

جیاوازی و دوبەرەکی تەشەنە دەسێنێت، ژیانی خێزانی روبەروی قەیران و کارەسات و ترازان دەبێتەوە.

**هەشتەم/** فێرکردن و شارەزاکردنی لە بواری ئایین و بوارەکانی تردا .پیاوی موسڵمانی هوشیار سورە لەسەر ئەوەی کەموکورتی هاوسەرەکەی پر بکاتەوە لە بواری زانستی و شێوازی هەڵسوکەوتدا، بۆ ئەم مەبەستە باشتریت رێچکەو گونجاوترین شێواز دەگرێتە بەر، بەردەوام هەوڵ دەدات خێزانی لەلادان بپارێزێت و بیخاتەوە سەر راستە شەقام، بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و نیان و زیرەکانەو، لەبەردەم چاوی خەڵکی لۆمەو سەرزەنشتی ناکات.بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە داوا لە بړواداران دەکات و دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ} التحريم ٦ . بەواتای : ئەی بړواداران خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی بەرد و ئادەمیزادە .

**نۆیەم/** رێزی کەسوکار و هاوەڵانی هاوسەرەکەی دەگرێت. هەروەك پێغەمبەری خوا( صلى الله عليه وسلم ) رێزی هاورێکانی خەدیجەی دەگرت، خوای لیَ رازی بێت، لەکاتی ژیان و لەدوای مردنیشی.

**دەیەم /** پاراستن و بەرگریکردن لێی لەهەر ئەزیەت و قسەو قسەلۆکەو رەفتارێکی نەشیاوو ناپەسەند کە روبەروی ئافرەت دەبێتەوە.

**یازدە /** هاوکاریکردنی لەکاروباری ماڵ و ، گوێگرتن لە وتەو راوبۆچونەکانی و رێزگرتنی پێشنیار و تێبینیەکانی . پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی ( خيركم خيركم لأهله و أنا خيركم لأهلي ) صحيح ، رواه ابوداود و الترمذى و صححه الالبانى.

واتا : چاکترینتان ئەوانەن کە چاکترینن بۆ خێزان و کەسوکاریان ومن چاکترینتانم بۆ خێزان و خانەوادەکەم.